Kurdiska (Sorani)

**دەستەی تەندروستی گشتی ئامۆژگاریەکانی خۆی سەبارەت بە کاتی نەچوونی قوتابیان بۆ باخچەی ساوایان و قوتابخانەکان نوێ دەکاتەوە و بەم شێوەیە ڕێنمایی دەکات و سەرنجتان ڕادەکێشێ:**

١/ ئەگەر منداڵ نەخۆش بوو دەبێ لە ماڵ بمێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر سووکە هەلامەت و کۆکەی هەبوو، یان 'تا'ی لێبوو.

٢/دوای چاکبوونەوەی منداڵ دەبێ دوو ڕۆژ چاوەڕێ بکرێ و لەماڵ بمێنێتەوە، پێش ئەوەی بۆ قوتابخانە بگەڕێتەوە.

٣/ڕێنوێنی منداڵەکەت بکە کە پێش نانخواردن دەستی بە ئاوی شلەتێن و سابوون بشوات. هەروەها پێش هاتنە دەرەوەی لە ئاودەست، دیسان دەبێ دەستی بە ئاوی شلەتێن و سابوون بشوات.

**بۆچی ئەم ڕێنوێنیانە گرنگن:**

مەترسی بە تووشبوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا covid 19 کەم دەکاتەوە.

**کێ ئەم بڕیارەی داوە؟**

دەستەی تەندروستی گشتی لەڕێی ئەو خۆپارێزییەوە دەیەوێ هاوکار بێ و لە مەترسی و زیانەکانی ئەم پەتایە کەم بکاتەوە.

بۆ ڕێگرتن لە ئالودەبوون و پیس بوون، شارەوانی ئۆسکارشامن پەیڕەوی لەفەرمان و ڕێنوێنیەکانی ڕێکخراوی تەندروستی گشتی دەکات، چونکە لەشساغی و بەردەوامبوون لە خوێندن بە تەندروستییکی باشەوە هەمیشە گرنگ و بایەخدارە.

## ئەگەر پرسیارت هەیە:

ئەگەر سەبارەت بە ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ و مانەوەی منداڵەکانت لە ماڵ و دوورکەوتنەوەیان لە باخچەی ساوایان و قوتابخانە نیگەرانیت، دەتوانی لەم ماڵپەڕەوە www.oskarshamn.se زانیاری وەربگریت. هەروەها ئێمە بەردەوام زانیاری نوێ دەکەینەوەو پەیوەندیتان پێوە دەکەین.

بەڕێزەوە

**لۆتتا لیندگرێن**

**سەرۆکی پەڕێوەبەرێتی پەروەردەو فێرکردن**